www.kurdistannet.org
17-8-2003 12:16

# داستانی سیاچەمانەی هەورامان

ڕەشید هەورامی



سیاچەمانە      سیاچەمانە
هەورامان جێگای سیاچەمانە

**سیاوچەمانە یان سیاچەمانە مانای چیە؟چۆن هاتووە؟ئەکری بەچەندبەشەوە؟**

سیاچەمانەئەوئاوازەپرلەسۆزەودڵگیرەیەکەهەرگیزکۆنبوونی بۆنیە، سال بەساڵ لای خەڵکی تازەترویەسۆتروبایەخداردەبی . گۆرانیەکانی میللیە، لەناوجەرگەی گەلی ڕەنجدەرەوە هەڵقولاوە، بەرهەمی ناوزیندانی تاریکی ڕژێمی دەرەبەگایەتیە، لەگەڵ زرەی زنجیری ناوزیندانی تاریك ونوتکەکانی گونجاوەوبەرەوڕووناکی خۆی کوتاوە.

ئەم گۆرانیە لەڕیزی حەیران ولاوك وهۆرەو مەقامەکانی تر ئەژمێردری ، ئەگەرنازی بەسەریانەوەنەبی پلەی هونەری لەوان کەمترنیە، چونکە هەموو هەریەکەیان هەڵقولاوی ناوچەی خۆیەتی لەکوردستان، لەهەورامانیش سیاچەمانە ئەوبەشە گۆرانیە نەمرەیە کە بە شێوەی هەورامی لەناوچەی هەوراماندا ووتراوە.

**<u>داهاتنی گۆرانی سیاچەمانە</u>**

پاش ئەوەی میرنشینی هەورامان لەسەدەی یانزەهەمدا بەدەستی (سەفەویەکان) لەسەردەمی شاحسێنی سەفەویدا لەناوچوو، هاونیشتمانیان بەملاوئەولادا بلاوەیانلێکردوە. کۆمەڵێك لەمانە بەرەوی شارەزوردا، لەسەر روی ناوچەی خۆرماڵەوە کۆچیان هانی ولەناو ئەو دۆڵو شیو و کەورگانەی ناوشاخی هەورامان خۆیان پەناداونیشتەجێبوون. تانەکەونەبەر پلاری ستەمکاری سەفەویەکان کە شێتانە هێرشیان ئەکردە سەرووڵاتانی دەوروبەریان. ئەومیرەی کەلەناوچەی ئەردەڵاندا لەژێرچنکی سەفەویەکان ڕزگاری بوو، (خان ئەحمەدخان) بوو.

ئەم میرە تەنها ئەوەی بۆمابووەوە دوای لەناوچوونی زۆربەی لەشکرەکەی ڕوبکاتە خواروی هەورامان بە تایبەتی ناوچە شاخاویەکەی . بەگەیشتنی بۆئەو ناوچەیە، هەورامیەکان پێشوازێکی گەرمیان لێکرد. بەتایبەتی لەناوچەی (ئەحمەدئاوازەڵم)

دا نیشتەجێبوون. پاش چەندساڵێك دەسەڵاتی پەیداکردوەوئەوناوچەیەی دەوروبەری خورماڵی خستوەتە ژێر رکیفی خۆی و بووە بەخانی ئەوناوچەیە، دەستی کردوە بەدروستکردنی گەلی قەڵاوقوڵەی شەرو کۆشکی جوان لەنێوان (ئەحمەئاوازەڵم) دا لەسەر ئەوشاخە سەختەوە، لەژووری ڕوی (ئەحمەدئاوا) وە بەوبەردانەوە قەڵایەکی بۆبارەگای خۆی دروستکرد کەتائێستاش شوێنەواری یەك دووژوری ماون کەزۆربەزحمەت مرۆڤ دەتوانی بۆی سەرکەوی ، چونکە ئەوپلیکانانەی کەلەتاشەبەردەکان داتاشراون سفت و خلیسکن.

خان ئەحمەدخان کوڕێکی هەورامی دەنگ خۆشی لائەبی کە سەرکاری ئیشی دیواخان وگۆرانبێژی پێسپێردرابوو. لەهەوراماندا ناوبانگی بەدەنگخۆش دەرکردبوو، کەناوی (یوسوئاسکە) بوو. وائەگێرنەوە ئێستاش لەناوخەڵکی ئەوناوچەیە کەگوایە (یوسو) لەگەڵ (کلاووزەڕ) ی ژنی (خان) حەز لەیەکتردەکەن. ناحەزانیش ئەم هەواڵە بە (خان) ئەگەێنن. (کلاوزەڕ) بەئافرەتێکی جوان وقەشەنگ وچاورەش ناوبانگی دەرکردبوو، لای (خان) زۆرخۆشەویست بوو. خان بەزانینی هەواڵەکە (یوسوئاسکە) دەگرێت وئەیخاتە زیندانەوە، ساڵێکی پێئەچی وڕژانە (یوسو) کاتی خۆی بەگۆرانی ووتن ئەباتەسەر. زیندانەکەی تەنها کلاوڕۆژنەیەکی تیائەبی . ئیشکەرەکانی خان بی تاقەتی خۆیان بەئاوازی گۆرانیەکانی ئەودەرئەکەن.

بەیانییێکیان لەگەڵ شەبەقدا گۆرانیەك بەئاوازێکی نوی وسەرنجڕاکێشەر ئەڵێت. . ووشەکانی هەمووی بریتی ئەبن لەدەربڕینی ژیانی ناوزیندان‌وژێردەستی وکۆیلەیی‌وبەشبڕاوی دەستی ستەمکاری وزۆرداری . ناوەڕۆکی ئەوئاوازەش بێبەریبووندەبی لەوتاوانانەی کەخرابوونەپاڵی وداواکردندەبی لەخان کەبەمیهرەبان خۆی بیبەخشی ، کەتاقانەی دایکێکی کۆیلەیەوهێشتاخەتی نەداوەوخونچەیەکی نەپشکووە.

کاتی ئاوازی ئەم گۆرانیەولەیەکدانەوەی بۆ خان ئەگێڕنەوە، خان بەفەرمانی خۆی لەزیندان دەری ئەهێنیٚ و داوای لێئەکات کەئەم گۆرانیەی بۆبڵێتەوە. ئەویش داوای لێدەکات بەمەرجێك لێیببورێت و وازی لێبهێنرێت کە لەم ناوچەیە بڕوات و سەری خۆی هەڵگری . خانیش بەڵێنی ئەداتی . جا (یوسوئاسکە) بەوپەڕی جۆش‌وخرۆشەوە گۆرانیەکە ئەڵی . ئاوازەکەی کاریگەرئەبی و لەدڵی خانداجێگیر ئەبی ، خان ترسی لێئەنیشی ولێکیئەداتەوە، ئەگەر (کلاوزەڕ) ی ژنی گوێی لەم کۆرانیەبێت شوێنی (یۆسو) ئەکەوی و کەتندێنی بەسەریا.

خان لەکۆتاییدا لە (یوسو) ئەپرسی کەئاوازی ئەم گۆرانیەی چۆن داناوەو چی پێئەڵێن؟

ئەویش لەوەڵامدائەڵی :تەنیایی وتاریکایی، تەنگی وزۆرداری نێوزیندانەکە ئەم ئاوازەی بەمنداناوە، هاواری کاسانی بێتاوان‌وخەڵکی زۆرلێکراونە و پێیئەڵێن سیاچەمانە. کەووشەی سیاچەمانە لەدوولێوی (یوسوئاسکە) دێتەخوارەوە هەردووچاوی پڕفرمێسك ئەبن و خانیش تەزوویەك بەهەموو لاشەیدائەگەڕی . ناوەکەش یەکیك ئەبی لەنیشانەکانی (کلاوزەر) ی ژنی خان کە بەمانای چاوڕەش. هەرلەوکاتەدا خان لە بەڵێنەکەی پاشگەزئەبێتەوەو (یوسو) ئەخاتەوەزیندان‌وفەرمان ئەداکەبیگرنەچواردیوار بەمانا دیوار لەدەوری لەشی هەڵچنن بەقسڵ تامران. .

بۆبەیانی ئەیبەن لەژووری ئەحمەدئاواوە کەلەوکاتەدا خەریکی دروستکردنی سەدێکی سەر ئاوی (زەڵم) ئەبن بۆبێبەشکردنی ناوچەی شارەزوور لەئاو، چونکەناکۆکی هەبووە لەنێوان شارەزوور خاندا. جا (یوسوئاسکە) بەپێوە ئەکەنە بەندی دیواری ئەوسەدەیە. (یوسو) ش لەگەڵ دانانی هەربەردێك وتۆپەڵەقسڵێکداهۆنراوەیەك بەئاوازی سیاچەمانەکەی خۆی ئەڵیٚ. ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی لەوکاتەدا گشتی پاکانەکردن‌ودەرخستنی بێتاوانی دەبی ، کەتاقانەیەکی خیرلەخۆنەدیوەوجگەرسووتاوی دایکی بووە. تاوەکو خان بەزەیی بەرامبەری بنوێنی . بەڵام کەڵکی نابی و هەتا بینەقاقای دیوار هەڵئەچنری . ئەمانەش دووهۆنراوەن لەوو هۆنراوانە:

چینێکت نیاوەبانی ڕانم ئاغە مەمکوژە هێشتا جوانم
چینێکت نیاوەبانی باڵم ئاغەمەمکوژە هێشتا منداڵم

بەڵام کەئەزانی کەڵکی نیەوخان جگەرئاسنینەوسوورە لەسەر کوشتنی ، ناچار لەداخدا ئەم هۆنراوەیە ئەڵێت:

ئەگەرئەمکوژی هەربەکێرمەوە
ئەگەرنامکوژی هەربەکێرمەوە
خاتو کلاٚوزەڕ بوو بەژێرمەوە

دوای ووتەی بووبەژێرمەوە دووتۆپەڵ قسڵ ئەدەن بەناو دەمیاو بەمجۆرە گیان ئەبەخشی .

---

تێبینی _کابرایەك لەدێیی ئەحمەدئاوابوو تەمەنی نیزیکەی سەدساڵ ئەبوو، هەموو هۆنراوەکانی لەبەربووئەوەی پەنجافلسی پێبدایە هۆنراوەکانی بۆ دەووتەوە کە پتر لە 300دێڕ ئەبوو. هۆنراوەی سیاچەمانەش سێجۆرن:

1–مەمەهەناری . 2–کاڵەبەی . 3–کنالەیل.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی ، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.